سەرۆك وەزیران و باڵیۆزی ئەمریکا لەبارەی دۆسیەی سەردانەکەی بۆ واشنتۆن تاوتوێ دەکەن

سەرۆکی ئێنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لە گەڵ باڵیۆزی ئەمریکا ئێلینا ڕەمانڤسکی تاوتوێ دۆسیەی سەردانی سەرۆك وەزیران بۆ واشنتۆن دەکەن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئێنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا باویکردووە"سەرۆکی ئێنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پێشوازی لە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق ئێلینا ڕەمانڤسکی کرد "، هەروەها "لە کۆبوونەوەکدا تاوتوێی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و چێنیەتی بەهێزکردنیان کرا و جەختیان لەسەر بردەوامبوونی خولی وتووێژی دوو قۆڵی و لێژنەی باڵای سەربازی هاوبەش کردووە کە پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاتیی هێنان بۆ ئەرکەکانی هاوپەیمانی نوێدووێتی لە عێراق".

هەر بەپێی ڕاگەیندراوەکە "لە کۆبوونەوەکدا گفتوگۆ لەسەر ئەو دۆسیانە کرا کە لە سەردانە چاوەڕوان کراوەکەی سەرۆکی ئێنجومەنی وەزیران بۆ واشنتۆن باسیان لێوە دەکرێت لەگەڵ میکانیزمی هەماهەنگی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی نێوان عێراق و ئەمریکا و ئەو لێژنانەی لێو بارەوە پێکهێنراون".